بارزانی و عراقچی پەرەپێدانی هاوکاریی هاوبەش لەبواری جیاجیاکان تاوتوێ دەکەن

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران جەختیان لەسەر خواستی دووڵایەنە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان کردووە بە شێوەیەک خزمەت بە سەقامگیری و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێران و عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە بکات.

یەکشەممە 18ـی ئایاری 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاران کۆبوونەوە و پەیوەندیی دووڵایەنە و چەنیەتیی پەرەپێدانی هاوکاریی هاوبەشیان لەبواری جیاجیاکاندا، تاوتوێ کرد.

بە گوتەی لاگیەندراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەردوولا ستایشی پەیوەندییە دێرینەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستانیان کرد و جەختیان لەسەر خواستی دووڵایەنە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان کردووە بە شێوەیەک خزمەت بە سەقامگیری و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئێران و عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە بکات.

هەروەها ئاماژەشی داوە، تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو. تیایدا داکۆکییان لەسەر گرنگیی گفتوگۆ بۆ دووڕخستنەوەی ناوچەکە لە کێشە و ئاڵۆزی کردەوە.